# سانسوری بیروڕا نا، بەڵكو بژاری گیاكەڵەی ڕێزمانی

هەژێن
hezhean.blogspot.com

لە وڵاتی مەدا، پەتا زۆر و جۆراوجۆرە؛ پەتای سیاسی، كۆمەڵایەتی، هونەری و سەرباری ئەمانەش پەتایەك، كە دوبارە دەبێتەوە بە مامانی پەتاكانی‌تر، پەتای (ڕێزمانی)یە. پەتایەك كە ڕۆشنبیرانی نەخوێندەوار هەڵگر یا بڵاوكەرەوەی ڤیروسەكەی دەبن.

پەتایەك، كە لێرەدا بەنیازم لێوەی بدوێم، دەتوانم بەو نەخۆشیانەی بچوێنم، كە ڤیروسەكانیان لە لابواتورەكانەوە زیاددەكرێن و دەبنە زیادفرۆشی دەرمانەكان. پەتاكەی مەش، هەر بەوجۆرە ماڵپەڕەكان و گۆڤار و ڕۆژنامەكان لە كێبڕكێی زۆربێ‌وبۆربێی نوسەراندا، ڕۆژانە تەشەنەی پێدەدەن.

بۆ ئەوەی كەس چاوم لێسورنەكاتەوە، لە خۆمەوە دەستپێدەكەم. ئەوڕۆكە بابەتێك، كە ساڵێ لەمەوبەر نوسیومە و دەخوێنمەوە، دەیان هەڵەی ڕێزمانی تێدا دەدۆزمەوە، بەڵام بەوە دڵخۆشم، كە بە خوێندنەوەی بابەتی نوسەرانی دیكە و خۆخەریككردنم بە لایەنی ڕێزمانەوانییەوە، دەتوانم ڕێ لە دوبارە بوونەوەیان بگرم و وەك ڤیروس لە دەربڕینمدا ڕوایان دەكەم. زیاتر لە ساڵێكە چەندینجار دەستم بۆ نوسینی بابەتی لەمجۆرە بردووە و دواجار پەشیمان بوومەتەوە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەكەم كەسانی وەك بەرێز حەمەسەعید حەسەن لەو بارەوە جارجارە وتاریان لەسەر ئەو نوسەرانە دەنوسی و بە ئاگایان دەهێنانەوە . دووەم، بڕیارم دەدا واز لە خوێندەنەوەی ئەو نوسینانە بهێنم. بەڵام ئەوڕۆكە پەتاكە هێندە بەربڵاو و گشتگیربووە، ئەگەر بەری پێنەگیرێ، ئەوا نوسینی كوردی توشی شەپڕە دەكا و ماڵی ڕێزمانیش وێران. ڕۆژانە و لەگەڵ خوێندنەوەی  هەر بابەتێكدا، ڕۆژانی خوێندنی قۆناخی دواناوەندیم دێتەوەیاد، كاتێك كە مامۆستای زمانی كوردی داوای لە هاوپۆلەكانم دەكرد بابەتێكی ئەدەبی بخوێننەوە. بەراستی گەر لە ڕاكردندا هێندە خێرابوونایە، ئەوا كورد لە پێشبركێی ڕاكردندا لە ئەمریكییەكانی دەبردەوە! لە خوێندنەوەی وتارێكدا نە باری پرسیاركردن و نە باری سەرسوڕمان، نە پشوی پاش وێرگول و نە وەستانی دوای خاڵ، نە دەرخستنی شێوەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەبری چوونەناو بابەتەكەوە، چێشتی فەقێیانت دەهاتەبەرچاو. هەڵبەتە لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو، كە هەمان خوێندكار، كاتێك كە مامۆستای وانەی ئایین داوای لیبكردایە، چەند ئایەتێك لە سورەتێكی (قورعان، قورحان، قوڕان، قورئان) بخوێنێتەوە، وات هەستدەكرد، كە لە مزگەوتێكی مەكە و مەدینە دانیشتووی!

بەداخەوە، ئەو شێوە خوێندنەوەیەی هاوپۆلەكانم، ئەوڕۆكە لە نوسین و وەرگێڕانی ڕۆشنبیرەكانی ئەوڕۆكەدا ڕۆژانە هەزاربارە دەبێتەوە و سەرباری لاوازی ناوەڕۆك و دەستكورتی لە نوسیندا، ماڵی ڕێزمانێش كاولدەكەن. لێرەدایە بەرجەستەبوونی ئەركی كەسانیك، كە دەركی كوشەندەیی ئەم پەتایە دەكەن، گەر بەری پینەگیرێ خۆشمان دەگرێتەوە.

فرەدەنگی نیشانەی بوونی ئازادییە و ڕوخساری ژیان گەستر دەكا و دەنگی ئازادیش ڕەساتر، بەڵام فرەدەنگییەك، كە هەڵگری ئەم پەتایە بێت، هەم بیرمان لاواز و هەم هونەر و ئەدەبیش بێناوەڕۆك دەكا.

ئەم بابەتە هەویرەكەی كابرایە و ئاوی زۆر دەكێشێ، بۆ ئەوەی بوار بۆ خراپ لەیەك تێگەیشتن دروست نەبێ، ناوی كەس ناهێنم و تەنیا برگە لە نوسینی جۆراو جۆر وەردەگرم.

کەم نین، ئەوانەی کە ئەورۆکە باس لە زمانی یەکگرتوو دەکەن و لەهەمان کاتدا، ناتوانن دوو ڕستە لە ڕووی ڕێزمانییەوە بنوسن. کەم نین ئەوانەی، کە پەلاماری بەردی گەورە دەدەن و نەک تەنیا خۆیان، بەڵکو نەوەیەک لەگەڵ خۆیاندا بەو پەتایە نەخۆش دەخەن. دێن باس لە نوسین بە ڕێنوسی لاتینی دەکەن و جیاوازی لە نێوان فۆنۆتیکی کوردی و تورکیدا ناکەن. دێن گۆڤار بۆ زاراوەی ناوچەیەک دەردەکەن و دەنگ و هێماکانی ناناسن. وتار بۆ چوارپارچەکە دەنوسن و لە دوانی گوندەکەیان بستێک دورناکەونەوە، دێن بۆ چەوساوەکانی جیهان دەنوسن و چەوساوە هاوزمانەکانی خۆیان لە ئاخاوتنی پڕ گرێوکۆڵیان تێناگەن، کێ لەم پەتایە بەرپرسیارە، کە لە ناسیونالیستی عەیار بیست و چوارەوە بیگرە تا کۆمونیستی عەیار بیست و چوار توشی بووە، بێجگە لە ماڵپەڕ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کە لەپیناو درێژکردنەوەی لیستی نوسەرانیان لە لیستی خوێنەرانیان؟ کەسمان مافی گلەییمان لە ڕۆشنبیرانی ئیسلامی نییە، چونکە ئەوان بەتەمان، فێری خوێندنەوەی (قورئان و حەدیس)مان بکەن و زمانی خاراو و بیری پاراو، مەشخەڵەی ئەوان نییە.

لەم نمونانەی خوارەوە، هەوڵدەدەم، هەندێک لە گرێکۆڵە زمانەوانییەکان بکەمەوە، کە سەراپای هونەر و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری داگیرکردووە و هیچکات داگیرکەران نەیانتوانیوە گورزی هێندە کوشندە لە زمانی کوردی بدەن. ئەو بەشانەی کە هێڵم بەژێردا هێناون، ڕستەگەلی بەنمونە وەرگیراون، هەروەها ژمارە لەبەردەم بڕگەکاندا دادەنێم، تاوەکو تێکەڵ و پێکەڵ نەبن.

با لە ڕۆمانەوە دەستپێبکەین:

1- <u>شنەبای سازگاری هاوین لق و پۆپی (سورەچنار) دەورووژێنێ و ئاوی "وایەڵد ووتەر" شەپۆلدەداو ئاوازی شیرین بەسەر تاشەبەردە قەوزەدارەکانیدا دەبارێنێ. پەپوولە لەبەر خۆرەتاوا هاتووچۆیانەو لەهەر شوێنێک گیزە گیزی هەنگی خەواڵوو بەرگوێ دەکەوێ. ...</u>

قسەکەر لێرەدا باس لەو سورە چنارانە دەکات، کە لێیان دەڕوانێ و باسی گیزەگیزی ئەو هەنگە خەواڵوانە دەکات، کە بەچوارلایدا دێن و دەچن؛ واتە دەبوو ئاوا وەرگێڕدرێ : شنەبای سازگاری هاوین لک و پۆپی سورەچنارەکان دەوروژێنێ و ئاوی (Wild- Water) شەپۆلدەدا و ئاوازەی شیرین بەسەر تاشەبەردە قەوزاوییەکانیدا دەبارێنێ. پەپوولان لەبەر خۆرەتاودا هاتووچۆیانە و لەگشت لایێکەوە گیزەگیزی هەنگی خەواڵوو دێتەبەرگوێ.

دەکرێ بڵێێ لەهەر شوێنێک(کوێ) با بێ ، ئەو لەوێ شەن دەکا!، بەڵام ناکرێ لە وێناکردنی شوێنێک یا کەس و شتێکدا، ئامراز و ناو و هێمای نادیار بەکار بێنین، گێڕەڕەوە لێرەدا باس لە شوێنێک دەکات، کە ئەو ساتە وەختە لێی دانیشتووە یا لێیی دەژی.

* Wild- Water ناوی ڕوبارێکە

<u>2- لەو کاتانەدا تۆمەتبار کردنیش بوونی هەبێت لە بیرە چێتەوە ....،</u>

<u>مردنی زوو ئاواتی هەموو ئەو کەسانەیە ڕۆشناییەك بۆ ژیانییان نەماوەتەوە لە سەر زەوی ...</u>

<u>بۆت دەبێت بە کوژالك هەناوت بەرە داتەوە ...</u>

لەم سێ ڕستەدا، قرتاندنی بەشێکی گرنگی فرمانەکە، هەم دۆخی فرمان و هەم واتاکەی گۆڕیوە و دەبێ ئاوا بنووسرێن:

لەو کاتەدا تۆمەتبارکردنیش بوونی هەبێت، لەبیر دەچێتەوە....، مردنی پێشوەخت، ئاواتی هەموو ئەو کەسانەیە، کە ڕۆشناییەک لە ژیانیاندا نەماوەتەوە (لەسەر زەوی زیادەیە و ئەگەری ژیان لە

دەرەوەی سەرزەوی دەخاتەڕوو، بۆ نمونە لە ئاسمان) ....بۆت دەبێت بە گۆژاڵک و هەناوت بەردەداتەوە یا بەرئەداتەوە....

3- <u>لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیان داوە کە بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان کار بکەن بۆ پێشخستنی ڕێزگرتن و چاوەدێریکردنێکی گشت لایەنەی مافەکانی مرۆڤ گشتلایەنەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکان؛</u> ...

ئەم پەرەگرافە هەم لەڕووی داڕشتنەوە، هەم لەڕووی ڕێنوسەوە پڕ هەڵەیە و دەبوو ئاوا بنوسرێ : لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیانداوە، کە بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان کار بۆ پێشخستنی ڕێزلێنان و چاودێریکردنێکی هەمەلایەنەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن؛

-4 ...

گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتییە و لە روانگەیەکی کریکاری و سۆسیالیستییەوە دەڕوانێتە جیهان.

دەبوو ئاوا بنوسرێت : ... گۆڤارێکی وەرزانەی یا وەرزنامەیەکی یا وەرزانە گۆڤارێکی ئەدەبی، فەرەنگی و کۆمەڵایەتییە، کە لەڕوانگەی کارگەری و سۆشیالیستییەوە دەڕوانێتە جیهان. کاتێک کە ماوەی دەرچوونی دیاری دەکەی،
دەکرێ بڵێی کلاوڕۆژنە گۆڤارێکی وەرزییە، بەڵام کاتێک کە دەتەوێت بیناسێنیت، دەبێت لەبری وەرز، وەرزانە بەکار دەبرێت.

-5

ئەگەر یەکەم عاشقی دنیا بە ناچاری بۆ دەست پێکردنی نامەیەکی دژوار کە دەروونی تێدا بەیان بکا، لە نێوان دنیایەک ووشە دا «سڵاو»ی هەڵنەبژاردبا، هەر لە سەرەتاکانمانەوە پێکەوە تەبا نەدەبووین!

سەیری ئەم پەڕەگرافە بکەن، نازنم نوسەرەکەی چۆن لە خۆی نەپرسیوە، چۆن دەبێ دوو پیتی جیاواز یەک هێمایان هەبێ ( یێ ، یی)! ئەمە بێجگە لە لەتکردنی وشەلێکدراوەکان، کە دەبوو پەڕەگرافەکە ئاوا بنوسرێت : ئەگەر یەکەم عاشقی دونیا بە ناچاری بۆ دەسپێکردنی نامەیەکی دژوار، کە ڕازەکانی دەروونی تێدا بەیان بکا، لەنێوان دونیایەک وشەدا ((سڵاو))ی هەڵنەبژاردبا، هەر لە سەرەتاکانمانەوە پێکەوە تەبا نەدەبووین!

-6 لە نوسینیکدا لە سایتی دەنگەکان لە 2005/4/17 بڵاوی کروەتەوە ......

..... من لێرەدا دەمەوێت بۆچوونی خۆم دەربیرم لەسەر نامەکەی .....

دەبوو ئاوا بنوسرێت : .... لە نوسینێکدا، کە 2005/4/17 لە سایتی دەنگەکاندا بڵاوی کردوەتەوە ..... من لێرەدا دەمەوێت بۆچوونی خۆم لەسەر نامەکەی دەربڕم. یا نامەکەی هەڵەیە یا نوسینەکەی. یا نوسینە یا نامە، کامەیانە ؟

-7

لەلامەوە زۆر سەیر بو .....

هەندی نوسەری بە ناو لیبرال و تەنانەت چەپیش پاش مەرگی وی کەوتنە پیاهەڵدان و پەسنداێ و بە پشت وپەنای فەقیر و هەژاریان دادەنا و بە فریشتەی ئاشق یان وەسف کرد .

بەلامەوە سەیر بوو، پێم سەیر بوو ، سەیرم پێهات ....... هەندێ نوسەری بەناو لیبراڵ و تەنانەت چەپیش، پاش مەرگی وی کەوتنە پیاهەڵدان و پەسەنداندنی و دانانی بە پشتوپەنای هەژاران و چواندنی بە فریشتەی ئاشتی. یا : کەوتنە پیاهەڵدان و پەسندانی کردیانە پشتوپەنای هاژاران و بە فریشتەی ئاشتی وەسفیانکرد.

8- ئەوانەی لە مەرگ گەڕانەوە ئاوا دەنوسرێت : ئەوانەی لە سەرەمەرگدا گەڕانەوە یا ئەوانەی لە مردن گەڕانەوە.

-9

کە زۆر منالّی کورد لە و تە مە نە دا هێشتا خە ریکی چاو شارکێ و ئاشە بە تە نوورە یە

کە زۆرێک یا زۆربەی منالآنی کورد لەو تەمەنەدا، هێشتا خەریکی چاوشارکێ و ئاشەبەتەنورەن....

10- بۆیە بەو هیوایەین بمانتوانیبێت لەم کتێبەدا شتێك پێشكەش بـە خوێـنەری کـورد بکـەین..

بۆیە بەو هیوایەین توانیبێتمان لەم کتێبەدا شتێک پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەین.

-11

داواکارین لە هەموو ئەوانەی لە ڕێی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان—چاك—ەوە ناوی خۆیان وەك شایەد لە کێشەی فرانس ڤان ئەنرات نووسیووە زۆر بە پەلە پەیوەندی بە ناوەندەوە بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە:

لە هەموو ئەوانەی، کە لەڕێی ناوەندی هەڵەبجە، دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک-ەوە ناوی خۆیان وەک شایەد لە کێشەی فرانس ڤان ئەنرات دانوسیوە، داواکارین، کە زۆر بەپەلە لەڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە، پەیوەندی بە ناوەندەوە بکەن :

-12

کاتێ ئەم مانگرتنەش بوو بە دیاردە ئاورێ ئەوتۆی لێنەدرایەوە و مێدیای کوردیش بەهەردوو بەشەکەیەوە

لەم نمونەدا بەهەڵە بەکارهێنانی پیتە لکاوەکانی ناوەڕاست وشە لەبری پیتەکانی (ێ ، ی) کۆتایی وشە ، کە لە پیتچنە کوردیەکەدا شوێنیان دیاریکراوە، ڕویداوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پیتچنی ستاندارد و بەکاربردنی ئەو فۆنتانەی کە(عەرەبی یا فارسی)ین و تەنیا هێمای کوردیان لە ڕوو دانراوە و زۆرجار لەبری پ- ث ، لەبری گ – غ ، لەبری ڤ – ظ ، لەبری ـە -ـة ، لەبری چ_- ص ، لەبری ژ – ذ دەردەکەوێت. ئەمەش چارەسەری تەنیا بە وازهێنانە لەو وێنە فۆنتانە و نوسین بە فۆنتەکانی یونیکۆد، کە پشتیوانی سیستەمەکانی ویندۆزیان هەیە و pdf مان لە کۆڵ دەبێتەوە. بڕوانن گەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە بە یونیکۆد فۆنت بنوسین : کاتێ ئەم مانگرتنەش بوو بە دیاردە، ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدرایەوە و مێدیای کوردیش بەهەردوو بەشەکەیەوە ....

-13

لەم ماوانەی دوایدا قسەو باسی گەرم لە ناو بزاڤی سیاسی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە , سەبارەت بە دانانی سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان , ئەمەش لە ئەنجامی سەفقەیەکی سیاسییەوە هات ,

لەم ماوانەی دوایدا، سەبارەت بە دانانی سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان، قسەوباسی گەرم لەناو بزاڤی سیاسی کوردیدا هاتۆتەئاراوە. ئەمەش لە ئەنجامی سەفقەیەکی سیاسییەوە سەریهەڵدا،...

-14

**لە لایەن رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد پیرۆز بایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتن لە هەلبژاردندا. وە هەروەها پیروز باییتان لێ دەکەین بەبۆنەی یەک خستنەوەی فەرمان رەوایی کوردستان بە یەک هەرێمدا. ئەو دوو روداوە ئێمەی کورد نزیکتر دەکاتەوە لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ. هەمو کورد بە دڵێکی پر لە خۆشی و شادی چاوی لێتانە.**

لەلایەن (ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد)ەوە، بەبۆنەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا، پیرۆزبایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین. هەروەها بەبۆنەی یەکخستنەوەی فەرمانڕەوایی کوردستان لەیەک هەرێمدا، پیرۆزباییتان لێدەکەین. ئەو دوو ڕوداوە، ئێمەی کورد لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ نزیکتر دەکاتەوە.

-15 خودی ئەم حالەتانەیە کە بزوتنەوە دروست دەکات لە نێوکۆمەلگەدا'

خودی ئەم حاڵەتانەن، کە لە نێو کۆمەڵگەدا بزوتنەوە دروستدەکەن.

ئەم دیاردەیان بەسەر زۆربەی نوسەرانی ناوچەی سلێمانیدا تێدەپەڕێ. ئەگەر ئەم پەیڤە لە زاری کەسێکەوە، کە لە ژیانیدا نەچوبێتە فێرگە دەرچێ، ئەوا دەکرێ ئاسایی وەرگیرێ، بەڵام لە زمانی نوسەرێکەوە، کە دەیان کەسیتر بەدوای خۆیدا توشی ئەم هەڵەیە دەکات، ئاسایی نییە. لەم رستە سادەدا، حاڵەتەکان (کۆ)ن و فرمانیش پاشگری (کۆ) بۆ کەسی سێیەم وەردەگرێ. هەروەها شوێنی ڕوودانی فرمانیش ناکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵکو ئەوە فرمانە، کە لە ڕستەی ئاساییدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و بەشی گوزارە!

-16 هۆ کەژاڵە چاوگەشەکەی قژڕەشەکەی زیتەڵەکەم!

ئیستاش یادی چاوشارکێنی کۆڵانەکە لە یادمە.
هۆ رزگارە رانکو چۆخە لەبەرەکەی تەرپۆشەکەم!
ئیستەش بەیەکەوە چوون بۆ قوتابخانەکەی ئاسۆسم لە یادمە.

هۆ کەژاڵە چاوگەشە قژڕەشە زیتەڵەکەم!
ئێستاش چاوشارکێنی کۆڵانەکەم لە یادە.
هۆ ڕزگارە ڕانکوچۆخە لەبەرە تەرپۆشەکەم!
ئێستەش بەیەکەوە چوون بۆ قوتابخانەی ئاسۆسم لە یادە.

**گەر زۆر بەسادەیی سەرنج لە فەلسەفەی بیرکردنەوەی کاک بژار بدەین لە نوسراوەکەیدا، لە دیاری کردنی مەقولەکانو رابتەی ئەو مەقولانە، خۆیمان پێ دەناسینێ لە چ گێژاو واوەیلایەکدا تلاو تل سەرمەقولات ئەدات،**

گەر زۆر بەسادەیی سەرنج لە فەلسەفەی بیرکردنەوەی کاک بژار لە نوسراوەکەیدا بدەین، ئەوا لە دیاریکردنی مەقولەکان و رابیتەی ئەو مەقولانەدا، خۆیمان پێدەناسێنێ، کە لە چ گێژاو و واوەیلایەکدا تلاوتل و سەرمەقولات دەدات،...

گەر لە هەڵە ڕێزمانی و ئاوەژوو داڕشتن و دروست پەیڕەونەکردنی ڕێنوس بگوزەرێین، ئەوا نادروستر ئەوەیە، کە لە زمانێکدا پێیدەنوسی، واژەی ساکار و ناسک هەبێ و بەکاربردنی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، لە مێژووی بەکاربردنی وشە بیانییەکە کۆنتر بێ، ئەوا یا دەستکورتی نوسەر لە زمانی دایکدا نیشاندەدات یا نەخوێندەواربوونی. وەک وتم مەبەستم لە خوێندەوار کەسێک نییە، کە نەچوبێتە فێرگە، بەڵکو ئەو نوسەر و خاوەن بڕوانامانەن، کە لە شێوەئاخاوتنی گوند و شار و پارتەکەیان بترازێ، ناتوانن ڕستەیەک بەدروستی بنوسن و کەسانی دیکە بێدەردیسەری لێیان تێبگەن. بڕواننە وشەی (رابتە) سەرەتا (رابیتە) نەک رابتە، هەوەها گەر وەک خۆی، کە لە عەرەبیدا دەنوسرێ بەکاری بەرین، ئەوا (رابطة) دەنوسرێت . ئایا کەمێک خۆماندووکردن و سادەنوسین، لە بەهەڵە بەکاربردن و سەرلێشێوانی خوێنەر باشتر نییە ؟

لێرەدا ناچارم لیستەکەم کورتکەمەوە. چونکە، ئەگەر بمەوێ تەواوی ئەو هەلانە کە ڕۆژانە دەرخواردی خوێنەر دەدرێن دەستنیشان بکەم و دروستییەکەیان بخەمەڕوو، دەبێت هەموو تەمەنم لەو پێناوەدا دانێم، هەرچەندە ئەگەر گشت ئەو نوسینانە بخوێنمەوە کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاودەکرێنەوە، ئەوا ئەگەری توشبوونم بەو پەتایە زۆردەبێ و ڕەنجبەخەساریش دەبم.

ئەوەیکە زۆربەی نمونەکان لە ماڵپەڕێکەوە وەرگیراون، بەو مانایە نییە، کە ماڵپەڕەکانیتر کەمتر لەم کەمتەرخەمن، نا، بەڵکو هۆکەی ئەوەیە، کە تەنیا ماڵپەڕێکە سەرنجمڕادەکێشێ و وتارەکانی هەندێکات لە ئەرشیڤدا هەڵدەگرم.

دوا وشە، هیوادارم خاوەنی ئەو ڕستانە بەرلەوەی خەنجەرم لێهەڵکێشن و بکەونە نوسینی وەڵامی پڕ لە کینەدۆزی، سەرنجی نوسینەکانیان بدەن و بەخۆیان جارێکیتر بەراوردیان بکەن. وەک وتم، منیش ئەو هەلانەم بەسەردا تێپەڕیوون، بەڵام هیچکات کەمتەرخەمیم نەکردووە و لە خاراوکردنی نوسینم کۆڵمنەداوە و بەردەوام خەریکی خۆفێرکردنم و نوسینی کەسانی بە ئەزموونتر بە باشترین فێرگە دەزانم. بەوپەڕی تواناوە هەوڵدەدەم لەم نوسینەدا هەڵەکانم کەمتر کەمەوە، بەڵام دلنیانیم و ناشتوانم بڵێم هەڵەی تێدا نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە، هەوڵدەدەم لە نوسینی داهاتوودا دوبارەیان نەکەمەوە و سوپاسگوزاری هەر بەڕێزێک دەبم، کە هەڵەکانم دەخاتەڕوو%. چونکە ئەگەر زمانی خاراومان نەبێت، ئەوا هونەر و ئەدەب و بیری پاراویشمان نابێت، کە ئەمانەش نەبوون، قسەکردن لە پێشکەوتن، لە جوینەوەی بنێشتی هەڵبزکا و چەنەبازییەکی بێمانا بەولاوەتر نابێت.

ئەگەر گرفتی ژیانی ڕۆژانە بوارم بدات، ئەوا لە داهاتودا هەوڵدەدەم، لەسەر زمانی یەکگرتوو، ڕێنوسی لاتینی، نوسین بە زاراوە و ئاخاوتنی ناوچەیی بنووسم.